# ئەحمەدی خانی

## خانی کێ بووە و چی کردووە ؟

دیارە لەبارەی ئەحمەدی خانی یەوە ، نووسین هەڵگری بابەتێکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی یە . ئەوە ش کاری مێژووی ئەدەبی نووسانە ، کە لەم بوارە دا خۆماندووکەن و لێی بکۆڵنەوە و لە سەری بنووسن . هەڵبەتە تا ئێستا زۆر یەک لە نووسەر و شاعیر دەربارەی ئەحمەدی خانی و « مەم و زین » نووسیویانە . جا،هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە هەوڵی داوە کە ئەو ئەدیبە گەورەیە بە خوێنەرانی کورد بناسێنێ . هەر کەس بە مەزندەی تێگەیشتنی خۆی ویستوویە گەورەتری بکاتەوە و وەکوو کەڵە شاعیرێکی میللی، و کوردێکی نیشتمان خۆشەویست ، و سۆفیێکی خواناس پەسنی بکا و بیناسێنێ . لێرەدا چەند نموونە لەو نووسەرانە دەهێنمەوە دەیخەمە بەر چاوی خوێنەران . مامۆستای نەمر کاک حەسەنی قزڵجی دەڵێ « ئەحمەدی خانی یەکێکە لە هەڵکەوتووانە کە لە دلی میللەتی کورددا ئەژین ، لەو ڕۆڵە بەنرخانەیە کە وەجاخی کوردی ڕۆشن کردووەتەوە، لەو ئەستێرە گەشانەیە کە لە عاسمانی ئەدەبی کوردیدا هەمیشە ئەدرەوشێتەوە» *

جا، بۆچی خانی وەکوو ئەستێرە گەشە و لە عاسمانی ئەدەبیاتی کوردی دا هەر دەم دەگەشێتەوە ؟ خۆ هەر لەو عاسمانەدا ئەستێرەی دیکەش هەن ، ئەی بۆ ئەوانیش وەکوو خانی پرشنگدار و شا ئەستێرە نین ؟ هەڵبەتە لە ڕوانگەی من نەوە هەر ئەستێرەیەک تریفە و ڕۆشنایی تایبەتی خۆی هەیە . بەڵام بۆچوونم ئەوەیە کە گەشانەوە و درەوشانەوەی خانی لەوەدایە کە ئەو لەو هەلومەرجەدا کە کورد بێجگە لە حوجرەی فەقێیان و خوێندنی دەرسی ئایینی زیاتر نە خوێندنگەی هەبووە، نە زانکۆ وزانستگە . زانستگەی ئەحمەدی خانی تەنێ مزگەوت و فەقێ و دیوەخانی میری بۆتان بووە . جا، لە فەزایەکی ئا وادا ئەو توانیویە چیرۆکی « مەم و زین » دابڕێژێ . ئەمە خۆی شاکارێکی ئەدەبی زەمانەی خۆیتی کە ئەو خۆلقاندوویەتی. ئەگەر چی هەندک کەس لایان وایە کە چیرۆکی « مەم و زین » زۆر کۆنترە ، و بە سەدان ساڵ لە پێش خانی دا بە شێوەی بەیتی فۆلکلۆر هەر هەبووە . بۆ نموونە یەکێک لە وانە کە ڕای وایە مام (هێمن موکریان) ی ڕەحمەتی کە دەڵێ :
« بێگومان سەر چاوەی مەم و زین ی خانی هەر ئەو بەیتە کۆنانەیە کە هەر وەک پێموایە کە سەر چاوەی چیرۆکەکانی بیژەن و مەنیژە، ڕۆستەم و سۆهراب و سیاوەش ی. . . شانامەش هەموو بەیتی کۆن بوون و فردەوسی تازەی کردوونەتەوە » *

جا، ئەگەر وایشی دابنێن کە ئەم چیرۆکە ئەفسانە بێ، یان بەیتی فۆلکلۆری کۆن بێ و دەم بە دەم و سینە بەسینە لە بەرە یەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گێردرابێتەوە، و بە چیرۆکی فۆلکلۆریش مابێتەوە. دیسانیش هیچ لە نرخی شاکارەکەی خانی کەم نابێتەوە . دوای ئەوەی کە فکری بەرز و هەستی شاعیرانەی خانی ، یان فەلسەفەی سۆفیانەی ئەو مەلا ڕوناک بیر و پایەبەرزە، لەو قۆناخە مێژووی یەدا توانیوە بە شێوەی ئەدەبی کلاسیکی دەر بێنێ . بە هەر شێوەیەک بێ، دوو شت بۆ ئێمە دەسەلمێنێ :

1 ) فۆلکلۆر یانی ئەدەبێک کە هی گەلە و لە ناخی ئەوانەوە هەڵقوڵاوە . و هەر گەلیش پاراستوویە و خزمەتی کردووە . کە وابوو هەر هی گەلی کوردە .
2) ئەحمەدی خانی شاعیرێکی میللی و گەلی بووە . و ئیلهامی لە گەلەکەی خۆی وەرگرتووە ، ولە ڕوانگەی فەلسەفەی سۆفیزمەوە ئەم چیرۆکەی دووبارە داڕشتووە تەوە و بە شێوە نەزمی شاعیرانەی دەرهێناوە، و لەم ڕێگایەوە هەوڵی
داوە کە خزمەتی نەتەوەکەی خۆی بکا . ئەوە نی یە خۆی لەم چەند دێڕەدا د بێژێتن :

دا خەلق نە بێژێتن کو ئەکراد
بێ مەمعریفەتن،بێ ئەسڵ وبونیاد
ئەنواعی میللەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ د بێ حسێبن
هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کو کورمانج
عیشقێ نە کرن ژ بۆ خوە ئامانج
کورمانج نە پڕ د بێ کەمالن
ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن *

ئەگەر خانی نەمر ئەودەم فکری لەوە نەکردبایەتەوە کە چیرۆکی « مەم و زین » بنووسێتەوە ،ڕەنگ بوو کە ئەم چیرۆکەش وەکوو زۆربەی چیرۆک و بەیتەکانی دیکە کە گەلی کورد خولقاندوونی بکەوتبایەتە بەر پلامار و هێرشی دوژمن و وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی کەلپووری گەلەکەمان لە نێو چووبا و بفەوتایە . بەڵام خانی بەم شاکارە ی توانیووە بە میللەتانی دیکە بێژێ کە « کورمانج ُ»ُش بێ کەمال وبێ عیشق نین . بەڵام داخەکەم مەودایان نییە . چونکە بە درێژایی مێژووی لە مێژینە وڵاتەکەیان ژێر دەستی داگیرکەر بووە . و نەیان هێشتووە ، کە خوێندگە و زانستگەی خۆیان هەبێ . ئەمما بەو حاڵش دیسان بلیمەتی زۆریان تێدا هەڵکەوتووە . کە ئەحمەدی خانی یەکێک بووە لەو بلیمەتانە .

من ڕام وایە لە هەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانینە چیرۆکی « مەم و زین » ی خانی کە 300 ساڵ لەمە پێش دانراوە ، دیسانیش هەر مایەی شانازی یە بۆ ئێمەی کوردی مافخوراو . ئێمەش بۆمان هەیە کە خۆمانی پێ ڕانین و بێژین بڕوانن نووسەر و شاعیری وەکوو خانی و شاکاری وەک « مەم و زین » مان هەیە . ئەگەر مەجالمان هەبێ و مەودامان بدەن ئێمە کێوی نین ، وەک دوژمن پێمان دەڵێن . بەڵکو ئێمەش سەرمان لە زانست و فەلسەفە دەر دەچێ . بەڵام ئاخ و سەد داخ کە بەشی ئێمە تا ئێستا هەر خۆڕاگری بووە لە بەرانبەر ئەو هەموو داگیرکەرانەدا. هەر بەرگری و خۆ پاراستن و لە نێو نە چوون و مانەوە بووە . . .

<u>سەر چاوە و پەراوێز</u>

* هەژار ( کردوویە بە موکریانی ) « مەم و زین» ی خانی سەرە تا نووسین، حەسەنی قزڵجی ، چاپی بەغدا 1960 چاپی دواییتر چاپخانەی جەواهێری ، تاران

* ئۆسکارمان، تحفە مظفریە ، پێشەکی و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی، مامۆستا هێمن ، چاپی یەکەم 1975

* ئەحمەدی خانی ، مەم و زین ڤشاندا، پەرویز جیهانی ، انتشارات صلاح الدین ایوبی ، ورمێ 1367

ڕەحمان سۆفی